Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1004

# شیكردنەوەی جوگرافی بۆ پێكهاتەی ئابووریی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) دا

**جەزا تۆفیق تالیب ، سروە جەلال حمە**

زانكۆی سلێمانی ،كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەكان، بەشی جوگرافیا

***Article Info***

Received: January, 2019
Revised:February,2019
Accepted: February ,2019

***Keywords***

پێكهاتەی ئابووری دانیشتوان، هێزكار ,دانیشتوانی چالاك لەرووی ئابوورییەوە ,دانیشتوانی ناچالاك لەرووی ئابوورییەوە ,دابەشبوونی هێزی كار بەپێی چالاكیە ئابوورییەكان

***Corresponding Author***

srwa.hama@ univsul.edu.iq

**پوختە**

لە ڕیگەی ئەم توێژینەوەیەوە ( شیكردنەوەی جوگرافی بۆ پێكهاتەی ئابووریی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی نێوان (2012-1977) دا كرا. ئەوەش بە پشت بەستن بە داتاكانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان بۆ ساڵانی 1977 1987 و ئاماری ساڵی 2012. كێشەی سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیە خۆ لەوەدا دەبینێتەوە كە پرسیار بكات لەڕێژەی هێزی كار لە چالاكی ئابووری دا و بڕی ڕادەی جیاوازییەكەی لەماوەی لێكۆڵینەوەكەدا (2012-1977) لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانیدا. بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش ئەم لێكۆڵینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی لێكۆڵینەوەی شیكاریی كە داتاكان شیدەكاتەوە و دەرەنجامەكانی لێ بەرهەم ئەهێنرێت. سنووری شوێنی ئەم لێكۆڵینەوە یە بریتیە لە پارێزگای سلێمانی بەڵام سنووری كاتی ی لێكۆڵینەوەكە بریتیە لە ماوەی نێوان (2012-1977). لە راستیدا هەڵبژاردنی ئەم ماوەیە بە هۆی گرنگیەكەیەوە بوو بەشێوەیەك لەو گۆڕانكارییانەوە سەرچاوە ئەگرێت كە تیایدا ڕوویانداوە، لەوانە گۆڕانكاریی ئابووری وكۆمەڵایەتی وسیاسی .ئەم لێكۆڵینەوەیە گەیشتۆتە چەند دەرەنجامێ كە گرنگترینیان پەیوەستە بەهێزی كارەوە كە ڕووی لەبەرز بوونەوە كردووە چونكە لە ساڵی 1977 (30.4%) و دواتر لە ساڵی 2012 بۆتە (39.7%) . بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا بەشداری مێینە لە هێزی كاردا لاوازە و كەمە چونكە ڕێژەكەی تەنها (25.5%) مێ بووە بەرامبەر بە (74.5%) نێر بۆ ساڵی 2012. هەروەها لێكۆڵینەوە لە هێزی كار بە پێی چالاكی ئابووری لە ساڵی 2012 دا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەكاتەوە كە چالاكی خزمەتگوزاری لە پلەی یەكەمدا دێت لە بوارەكانی كاردالە پارێزگایەكەدا هەر بۆیە دەكرێ ناوچەكە بەوە وەسف بكرێت كە ناوچەیەكی خزمەتگوزارییە،چونكە زیاتر لە (39%) ی چالاكیە خزمەتگوزارییەكانی تێدایە.

## پێشەكی

وەكانی دانیشتوان بایەخێكی تایبەتیان لە چوارچێوەی لقەكانی جوگرافیای مرۆیدا هەیە بە تایبەت لە لێكۆڵینەوە لە پێكهاتەی ئابووریی دانیشتوان، بەو پێیەی كە توانای مرۆیی بە یەكێك لە ڕەگەزە ژیارییەكان دادەنرێت كە پێویستە بوونی هەبێت بۆ وەبەرهێنانی دەرامەت و توانا بەردەستەكان، كە ئەمانەش لە ڕێگەی خۆیانەوە دەبنە هۆی هاتنەدی پەرەپێدانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و وە گومانی تیادانیە زانینی تێكراكانی چالاكی ئابووری بەیەكێك لەلایەنە گرنگەكانی پلانی ئابووری نیشتمانی وە دانانی پلانی گشتگیر دادەنرێن چونكە بەشداریكردنی دانیشتوان

یارمەتیدەرە لە بەرزكردنەوەی ئاستی بژێویدا، بە پێچەوانەشەوە دابەزینی تێكراكانی بەشداریكردنی ئابووری دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی تێكراكانی بەخێوكردن دواتریش دابەزاندنی ئاستی داهات .

ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:

1-دیاریکردنی ڕێژەی هێزی کار و ڕادەی بەشداری دانیشتوانی کارکەر لەڕووی ئابوورییەوە لە چالاکی ئابووریدا لە ماوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی .

2- دیاریکردنی دابەشبوونی هێزی کار بەپێی بەشەکانی چالاکی ئابووری .

## چوارچێوەی کاتی و شوێنی لێکۆڵینەوەکە

أ/ چوارچێوەی کاتی لێکۆڵینەوەکە:

سەرەتای دەستپێکی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەنجامدانی سەرژمێری ساڵی (1977) دایە، پاشان پشت دەبەستین بە سەرژمێری ساڵی 1987 و ئاماری ساڵانی 2002 و 2012، ئەم لێکۆڵینەوەیە ماوەی ساڵانی (1977-2012)مان هەڵبژاردووە، چونکە گرنگە لە پارێزگای سلێمانی بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویداوە لەوماوەیەدا، کە دۆخی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی گۆڕیوە، لەوانە چەندین گۆڕانکاری کارگێڕی کە ئەم پارێزگایە بە خۆوەی بینیووە، سەرباری بارودۆخی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی ...هیتر.

ب/ چوارچێوەی شوێنی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەیەکی شوێنی دا کاردەکات کە خۆی لە پارێزگای سلێمانیدا دەبینێتەوە، بەسەراپای سنووری کارگێڕییەوە وە سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانەوە، وە ئاشکراشە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری خۆرهەڵاتی عێراق، وە سەنتەرەکەی شاری سلێمانیە، دەربارەی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوەسنورەکەی لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بریتییە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، لە باکوری ڕۆژئاواوە پارێزگای هەولێر، لە ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوا پارێزگای کەرکوك وئیدارەی گەرمیانە .

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بریتییە لە پارێزگای سلێمانی، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (33=56¯34° –21 =29¯36°)باکور و هێڵەکانی درێژی(37=31¯44°–24=20¯46°) ڕۆژهەڵات، بەم پێیە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە باشووری ناوچەی مامناوەندی باکوورەوە .

کە لە (12) قەزا و(42) ناحیە پێکهاتووە، لە دوای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریە کارگێڕییانەی کە ڕوویانداوە بە پێ ی نەخشەی ساڵی (2012) . وەك لە نەخشەی (1) دەبینرێت، هەروەها ڕووبەری پارێزگاکە لە ساڵی (2012) دا بریتیە لە (11449) کم2.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە : هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستی بەوە هەیە، کەوا میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەشدا پشتمان بەمیتۆدی شیکاری بەستووە.

کێشەی لێکۆڵینەوەکە : کێشەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە پرسیار لە ڕێژەی هێزی کار لە چالاکی ئابووری و ڕادەی جیاوازییان دەکات لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەکە (1977-2012) لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی .

گریمانەی لێکۆڵینەوە : بەپێی کێشەی لێکۆڵینەوەکە گریمانە لەسەر ئەوە دروست دەکرێت، کە جیاوازی لە دابەشبوونی ڕێژەی هێزی کار لە چالاکی ئابووریی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا هەیە .

## پلانی لێکۆڵینەوەکە

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدراوە توێژینەوەکە دابەشبکرێت بۆ پێشەکییەك دوو تەوەرو دەرئەنجام و ڕاسپاردە تەوەرەی یەکەمیان : باس لە پێکهاتەی ئابووری دانیشتوان دەکات . دووەمیان باس لە دابەشبوونی هێزی کار بەپێی چالاکیە ئابوورییەکان دەکات .

### تەوەرەی یەکەم : پێکهاتەیی ئابووری دانیشتوان

لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەی ئابووری بەڕەگەزێکی بنەڕەتی دادەنرێت لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی دانیشتواندا، چونکە لەڕێگەیەوە دەکرێت سیما و خەسڵەتەکانی چالاکی ئابووری و قەبارەی هێزی مرۆیی لەهەرکەرتێکدا دەست نیشانبکرێت، هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لەدانانی پلانی داهاتوودا بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا چ لەبواری پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئابووری یان لەبواری خزمەتگوزاری گشتی[1]، سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ئابووری بەشێوەیەکی

---

[1] فتحي محمد ابوعيانة، جغرافية السكان و أسس و تطبيقات، الطبعة الرابعة، دار المعرفة ألجامعية، الأسكندرية، 1993، ص313.

ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت لە دیاریکردنی قەبارەی هێزی کاردا لەداهاتوودا بەپشت بەستن بەئاڕاستەی تێکڕاکانی گۆڕانکاری لە گەشەی دانیشتوان و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بەشداری مێینە لە هێزی کاردا وە ئاستی خوێندەواری دانیشتوان[2].

هەربۆیە هەڵ دەستین بە لێکۆڵینەوە لەسەر پێشکەوتنی ڕێژەی هێزی کار و ڕادەی بەشداری دانیشتوانی کارکەر لەڕووی ئابوورییەوە لە چالاکی ئابووریدا لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی

یەکەم : هێزی کار

چەمکی هێزی کار بە یەکێك لە گرنگترین ئەو چەمکانە دادەنرێت کە پێکهاتەی ئابووری دانیشتوان توێژینەوەی لەسەر دەکات هەرچەندە زۆربەی توێژەران دەستەواژەی جۆراوجۆر هاوتایان بەکارهێناوە بۆ ئەم چەمکە وەك دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە، سەرچاوەی مرۆیی، هێزی مرۆیی، سامانی مرۆیی ....هیتر . بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەچنە چوارچێوەی ئەو هێزە مرۆییانەی کە بزوێنەری ڕەوڕەوەیی ئابوورین لە کەرتەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاریی جۆراوجۆردا لە هەر هەرێم و ناوچەیەکدا . هێزی کار دەبێت بە دوو گروپەوە :

أ/ دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە :

ئەو بەشەی دانیشتوان دەگرێتەوە کە چالاکن لەڕووی ئابوورییەوە، واتە ئەوانەن کە لەتەمەنی کارکرندان یان ئەو دانیشتوانەن دەچنەناو هێزی کارەوە، لەهەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، کە بەشێوەیەکی کرداری هەڵدەستن بەسەرفکردنی ئەرك وماندووبونی جەستەیی یان عەقڵی بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان ئیتر چ لەبەرامبەر کارەکانیاندا کرێ وەربگرن یان وەرینەگرن، یان خاوەن کاربن یان بۆ حسابی تایبەتی خۆیان ئیش بکەن، هەروەها **ئەو** خەڵکانەش دەگرێتەوە کە توانای کارکردنیانیان هەیە بەڵام کاریان دەست ناکەوێت لەماوەیەکی دیاریکراودا[3].

ب/ دانیشتوانی ناچالاك لەڕووی ئابوورییەوە :

ئەم گروپە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری ناکەن لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، وەك ژنی ماڵەوە( ئەوانەی کاروباری ماڵ بەڕێوە دەبەن)، خوێندکاری خۆتەرخانکردوو بۆ خوێندن، خانەنشینەکان، ئەوانەی بەندکراون، منداڵ بەر لەتەمەنی کارکردن، هەروەها ئەو کەسانەی ناتوانن کاربکەن وەك پیرو پەکەوتە و ئەوانەی تووشی نەخۆشی درێژخایەنبوون و کەمئەندامان....هیتر[4].

بەشێوەیەکی گشتی ئەو دانیشتوانەی دەکەونە چوارچێوەی هێزی کارەوە واتە (دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە)، تەمەنیان لەنێوان (15-64) ساڵدایە، بەڵام ئەو دانیشتوانانەی لە دەرەوەی تەمەنی کارکردن واتە (دانیشتوانی ناچالاك لەڕووی ئابوورییەوە)، تەمەنیان لە (15) ساڵ کە مترە و لە (64) ساڵ زیاترە، ئەمەش وێنەیەکی ڕاستەقینەمان پیشان نادات بۆ دەرهێنانی ڕێژەی هێزی کارکەران، بەتایبەتی لە وولاتە دواکەوتووەکاندا، چونکە منداڵ بەر لە تەمەنی (15) ساڵی دەست بەکاردەکات و لەدوای تەمەنی (64) ساڵیش بەردەوامە لە کارکردن، لەبەرئەوە بۆدەرهێنانی ڕێژەی هێزی کار لەهەر هەرێم و ناوچەیەکەدا پێویستە ئەو کەسانە لەبەرچاوبگیرێن و بە هێزی کار هەژمارنە کرێن واتە دانیشتوانی ناچالاك لە ڕووی ئابوورییەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا . هەروەها چەند فاکتەرێك کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕێژەی هێزی کار، گرنگترین ئەو فاکتەرانەش ئەمانەن:

1- کەمی ڕێژەی هێزی کارکەران لەو وڵاتانەی کە تێکڕای لەدایکبوون تیایدا بەرزە .

2- فاکتەری کۆمەڵایەتی کاردەکاتە سەر هێزی کار، چونکە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە هەموو ناوچەیەك

---

[2] **سالم علي شواورة، محمد عبداللة الحبيس ، جغرافيا السكان (المدخل الى علم السكان) ، الطبعة الاولى، دارالصفاء للنشر و التوزيع، عمان- الأردن،2001، ص137-138.**

[3] عباس فاضل السعدي ، محافظة بغداد (دراسة في جغرافية السكان)، الطبعة الاولى، مطبعة الازهر، بغداد، 1976، ص95 .

[4] فتحي محمد ابوعيانة، جغرافية السكان أسس و التطبيقات، مصدرسابق، ص314 .

ڕێگە بە ڕەگەزی مێینە نادرێت بۆ کارکردن . واتە ڕادەی بەشداریکردنی مێینەدا لە کاردا .

3- کۆچ بە یەکێکی تر لەو فاکتەرانە دادەنرێت کە کاردەکاتە سەر هێزی کار، ئەو ناوچانەی کە کۆچی لێوە دەکرێت دوچاری گرفتی هێزی کار دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ئەو ناوچانەی کۆچی بۆدەکرێت هێزی کاری زۆر دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر کۆچکردووان لە تەمەنی کارکردندابن[5].

4- کەمی ڕێژەی هێزی کار لەو وڵاتانەی کە خوێندەواری فێربوون تیاندا بەربڵاوە، وە گەنجەکان ڕوودەکەنە خوێندنی باڵا .

5- جیاوازیی لە دابەشبوونی تەمەن لەنێوان دەوڵەتان .

6- قەبارەی هێزی کار یان دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابووریەوە جیاوازە و دەگۆڕێت، چونکە هەتا ڕێژەی تەمەن منداڵان و تەمەن گەورەکان زیاد بکات ئەوا ڕێژەی هێزی کار کەم دەکات وە پێچەوانەکەشی ڕاستە . ئەم دیاردەیە بەزۆری لەو وولاتانەدا دەردەکەوێت کە حکومەت دوای تەمەنی شەست ساڵی مووچەیان بۆ دەبڕێتەوە[6].

1-پێشکەوتنی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) دا :

خشتەی (1) و شێوەی (1)، ئاماژە دەدەت بە پێشکەوتنی (ڕێژەی هێزی کار )* لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) دا، تێبینی ئەمانەی لای خوارەوە دەکەین :

أ-هێزی کار لە پارێزگاکەدا بەرزبوونەوە نزمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە لەماوەی نێوان ساڵانی بەراوردەکەدا، بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی دیمۆگرافی و ئابووری و فێرکاریی و کۆمەڵایەتیەوە، چونکە ڕێژەی هێزی کار لەماوەی ساڵانی (1977، 1987) دا، نزمبۆتەوە لە (30.4%) بۆ (22.8%) ، بەرێژەیەکی گۆڕانکاریی کە بڕەکەی دەکاتە (-25%) لەماوەی نێوان ساڵانی (1977-1987) دا، ئەوەی بۆ پارێزگاکە ووتراوە بۆ عێراقیش دەکرێت هەمان شت بووترێت، بەجۆرێك هێزی کار لەعێراقدا لە ساڵی (1977) دا گەیشتبووە (26.1%)، پاشان نزمبۆتەوە بۆ (24.2%) لە ساڵی (1987) دا، بەرێژەی گۆڕانکارییەك کە بڕەکەی دەکاتە (-7.3%) لەماوەی نێوان ساڵانی (1977-1987) دا . هۆکاری ئەم نزمبوونەوەیەش لەناوچەی لێکۆڵینەوە و عێراقدا لەماوەی ناوبراودا دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیری بارۆدۆخی سیاسی و ئەمنی کە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران بوو، گەنجی ناچارکردوو بەشداری بەرەکانی جەنگ بکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هێزی کار هەبووە بەشێوەیەك کەڵێنی تێکردووە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو گەنجانە دەکوژران یاخود دووچاری پێکانی جەستەیی دەبوونەوە یاخود بەهۆی خزمەتی سەربازییەوە بواری کاریان بەجێدەهێشت، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی لە خشتەی (1)

ڕێژەی هێزی کار* لە پارێزگای سلێمانی و عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) دا/ (%)

| ساڵەکان | هێزی کار | |
|---|---|---|
| | پارێزگای سلێمانی (1) | عێراق (2) |
| 1977 | 30.4 | 26.1 |
| 1987 | 22.8 | 24.2 |
| 2012 | 39.7 | 43 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

(1) أ- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1977، محافظة السليمانية،، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد،1977، ص90 .

ب- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987، ، محافظة

[5] چراخان نصرالدين صالح، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015 ، ل139-140.

[6] فايز محمد العيسيوي، أسس جغرافية السكان، اسس جغرافية السكان، الطبعة الثانية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، 2009، ص361 .

* ڕێژەی هێزی کار: بریتییە لەڕێژەی سەدی دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە (هێزی کار) بۆ کۆی دانیشتوان، ئەم ڕێژەیە تیشك دەخاتە سەر قەبارەی ئەو دانیشتوانەی کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کار، کە ژیانی ئابووری کۆمەڵگایەکی دیاریکراو پشتی پێدەبەستێت.

سەرچاوە :- أحمد حمود محسين السعدي، التحليل المكاني لتباين تركيب السكان في محافظة القادسية للمدة من (1987 - 1997)، أطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كلية الأداب، جامعة بغداد، بغداد، 2005 ، ص67 .


السليمانية،، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد،1988، ص126-127.

ج- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی، 2012، (داتای بڵاونەکراوە) .

(2) أ- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة (1977، 1987)، (مجموع العراق)، مصدرسابق . ب- اللجنة الوطنية للسياسات السكانية، تحليل الوضع السكاني في العراق 2012، التقرير الوطني الثاني حول حالة السكان في إطار توصيات المؤتمر الدولي للسكان، حزيران، يونيو، 2012، ص213 .

*لەبەرنەبوونی داتا ساڵی (2002) مان وەرنەگرتووە و بەراوردمان بە هەرێم نەکردووە .

شێوەی (1) پێشکەوتنی ڕێژەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی و بەراوورد بە عێراق لە ماوەی ساڵانی (1977-2012) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (1)

هێزی کاردا بەشداربوون، سەرباری ئەوەش مارەیەکی زۆر لە گەنجان لە ترسی خزمەتی سەربازی هەڵدەهاتن . هەروەها خزمەتی سەربازیش هۆکارێك بوو بۆ درێژەپێدان بەخوێندن وەك پاساوێك بۆ خۆدەربازکردن لە خزمەتی سەربازی، هەروەها کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان بۆ دەرەوەی وولات . بەڵام لە ساڵی (2012) دا، ڕێژەی هێزی کار لە هەریەك لە پارێزگای سلێمانی و عێراقدا بەرزبۆتەوە بۆ (39.7%) و (43%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك . بڕوانە شێوەی (1)، بەڕێژەی گۆڕانکارییەك کە دەکاتە (74.1%) و (77.7%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك لەماوەی نێوان ساڵانی (1987-2012) .هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی هێزی کار دەگەڕێتەوە باشبوونی بارودۆخی سیاسی وئەمنی بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) بە بەراوورد بەساڵەکانی پێشوو، وە زیادبوونی هەلی کار بەهۆی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەکانەی پارێزگای سلێمانی کە دووچاری ڕووخاندن و وێرانکاریی بوون لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەروەها فەراهەم بوونی بوارەکانی کار و بەشداربوونی مێینە لە کاری بەرهەم هێناندا .


ب- خشتەی (2) و شێوەی (2)، ئاماژە دەدەن بە گۆڕانی ڕێژەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی بەپێی جۆر لەماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012)، کە تیایدا ڕەگەزی نێر سەرچاوەی هێزی کاری بنەڕەتیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپێی ساڵەکانی (1977، 1987،2012)، گەیشتۆتە (85%) و (91.7%) و (74.5%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك . بەڵام تێکڕای بەشداربوونی ڕەگەزی مێینە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بەخۆوەبینیووە، بەجۆرێك گەیشتۆتە (15%) لە ساڵی (1977) دا، بەڵام ئەم ڕێژەیە نزمبۆتەوە بووە بە (8.3%) لە ساڵی (1987) دا، پاشان لە ساڵی (2012) دا، ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بووە بە (25.5%)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ڕەگەزی مێینە زیاتر ڕووی لەکارکردووە لە چالاکییە ئابوورییە جۆراوجۆرەکاندا . پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ڕێژەی هێزی کاری نێرینە زیاترە لەڕێژەی هێزی کاری مێینە لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەکەدا، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەك بووە کە هێزی کار بوارێك بووە کە زیاتر ڕەگەزی نێرینە ڕۆڵی تیادا بینیووە ئەویش بەهۆی باڵادەستی پیاوسالاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا و هەژموونی ڕەگەزی نێر بەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، هەروەها سروشتی بایلۆجی نێرینە زیاتر گونجاوە بۆ هەموو چالاکیە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان، بەم شێوەیەش ڕەگەزی مێینە هەلی کارکردنی سنوورداربووە لە چالاکییە ئابوورییەکاندا .

خشتەی (2) پێشکەوتنی ڕێژەی هێزی کار بەپێی جۆر لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان (1977-2012) دا

| ساڵەکان | هێزی کار | |
|---|---|---|
| | نێر | مێ |
| 1977 | 85 | 15 |
| 1987 | 91.7 | 8.3 |
| 2012 | 74.5 | 25.5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (1).

شێوەی (2) پێشکەوتنی ڕێژەی هێزی کار بەپێی جۆر لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان (1977-2012) دا




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (2)

تەوەرەی دووەم : دابەشبوونی هێزی کار بەپێی چالاکیە ئابوورییەکان :

چالاکی ئابووری بە هەموو لقەکانیەوە پێگەیەکی گرنگیان لە شیکردنەوەی داتاکانی سەرژمێری دانیشتوان هەیە بەهۆی ئەو بایەخەی هەیەتی لەدروستکردنی ئەو بنەمایەی کە سیاسەتە ئابوورییەکان و پلانەکانی پەرەپێدان لەسەری ڕادەوەستن . هەروەها سوودەکەی خۆی لە خەملاندنی پێداویستیەکانی پەرەپێدان لە سیستەمی فێرکاری و بەرنامەکانی ڕاهێنان و کەرەستەکانی تردا دەبینێتەوە . سەرباری سوودەکانی لەبواری لێکۆڵینەوەی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتیدا . هەروەها لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی هێزی کار بە یەکێك لەگونجاوترین کەرەستەکانی پێوانەکردن دادەنرێت بەهۆی ئاسان بەراوردکردنی لەنێوان چالاکیەك و چالاکییەکی تردا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر . چالاکی ئابووریش پێناسە دەکرێت، کە ئەو بوارەیە کە تاکەکەس کاری ئابووری تیادا ئەنجام دەدا ت[7] . ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە بونیادی ئابووریدا، چونکە لەڕێگەی ئەو چالاکیانەوە ڕادەو بڕی بەشداری هەر چالاکیەك و ڕێژەکەی لە پێکهاتەی ئابووری دا دەزانرێت

أ-دابەشبوونی ئابووری بەپێی پۆلێنی نێودەوڵەتی :

لەڕاستیدا ( ڕێکخراوی کاری نێو دەوڵەتی ) (International Labour Organazation I.L.O) لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم جۆرە چالاکییانەی خستۆتە نێو پۆلینێکی تایبەت پێی دەووترێت ( پۆلێنکردنی پیشەسازی پێوانەیی نێودەوڵەتی بۆ چالاکییە ئابوورییەکان)، (International Standard Industerial Classification I.S.I.C)[8]. کە زۆربەی دەوڵەتان پەیڕەویان کردووە ئەم پۆلێنەش لە ساڵی (1948) سەری هەڵداوە و لە ساڵانی (1958 - 1968) چاوی پێداخشێنرایەوە[9]،کە وڵاتانی جیهان لە سەرژمێرییە گشتیەکانی دانیشتواندا پشتیان پێبەستووە، هەروەك لە سەرژمێرییەکانی ساڵانی (1977،1987) لە عیراقدا هاتووە بریتیە لە:-

چالاکی (1) = کشتوکاڵ و ڕاو و ڕاوەماسی و دارستانەکان .

چالاکی (2) = کانەکان و دەرهێنانی نەوتی خاو و گازی سروشتی.

چالاکی (3) = پیشەسازی گۆڕانکاری.

چالاکی (4) = کارەباو گازو ئاو.

چالاکی (5) = نۆژەنکردنەوەو بیناسازی.

چالاکی (6) = بازرگانی تاك وکۆ، چێشتخانەو ئوتێل.

چالاکی (7) = گواستنەوە و گەیاندن و عەمارکردن.

[7] حمادي عباس حمادي، ايمان عبدالله محسن، التحليل المكاني لمعدلات النشاط الأقتصادي لسكان محافظة ذي قار للمدة (1997-2010)، مجلة القادسية للعلوم الأنسانية، المجلد السادس عشر، العدد (1)، جامعة القادسية، 2013، ص324 .

[8] احمد نجم الدين ، جغرافية سكان العراق ،جغرافية سكان العراق ، مطبعة جامعة بغداد ، بغداد، 1982، ص21 .

[9] بيان على حسين ،سكان مدينة السليمانية، دراسة جغرافية ،رسالة ماجستير (غير منشورة) ،كلية الأداب ،جامعة بغداد،2001،ص135.

چالاکی (8) = یارمەتی دارایی و دڵنیایی کردن (التمویل و التأمین) و زەوی زارو ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش کەرتی کار دەکرێن.

چالاکی (9) = خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگاو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وکەسایەتییەکان[10].

خشتەی (3) و شێوەی (3)، کە دابەشبوونی ڕێژەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی بەپێی پۆلێنی ناوبراو و بەشەکانی چالاکی ئابووری لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977 - 2012) دا، ڕووندەکاتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە

1-بەشی چالاکی یەکەم، کە ڕێژەی هێزی کار لە کشتوکاڵ و ڕاو و ڕاوەماسی و دارستانەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم ڕێژەیە نزمبۆتەوە، بەجۆرێك لە ساڵی (1977) دا لە ڕیزبەندی یەکەمدا هاتووە، کە ڕێژەی (43.6%) پێکهێناوە . دواتر ڕێژەی هێزی کار لە ساڵی (1987) دا بووە بە (13.2%)، بەڵام لەساڵی (2012) دا ڕێژەکە بەشێوەیەکی بەرچاو نزمبۆتەوە بووە بە (15.1%)، هۆکاری نزمبوونەوەی ڕێژەی هێزی کاری بەشداربوو لە چالاکی کشتوکاڵدا لەماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا دەگەڕێتەوەبۆ شڵەژانی ڕەوشی ئارامیی ناوچەکە و هەڵگیرسانی شۆرشەکانی کوردبووە. بەو پێیەی شارەکان لە ڕووی ئەمنیەوە سەقامگیرتربوون، لەلایەکی تریش کەمی بایەخ پێدانی دەسەڵاتی ناوەندی بەباری ئابووری وکۆمەڵایەتی و گوزەرانی گوندنشینان، وە کۆبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزاری وئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە شارەکاندا بە بەراورد بە گوندەکان، وە هەروەها بوونی هەلی کارکردن لە شارەکاندا ، کاریگەریيان لەسەر جوڵەی شوێنجێی(الحركه المكانيه) دانیشتوان لە گوندەوە بۆ شار هەبووە ، واتە لەم ماوەیەدا دیاردەی کۆچکردن لەگوندەوە بۆ شار مۆرکی ڕامیاری و ئابووری و خزمەتگوزاری وەرگرتووە، سەرباری دابەزینی نرخی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان لەئەنجامی هاتنەناوەوەی بەرووبوومی کشتوکاڵی لەوڵاتانی دراوسێ بەنرخی هەرزانتر بە بەراورد لەگەڵ بەرووبومی ناوخۆدا بەتایبەت لەدوای جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك وە پشتبەستنی دانیشتوان بە فۆڕمی خۆراك، ئەمانەش هۆکارێکی پاڵنەربوون بۆ کۆچکردنی گوندنشینان بەرەو شارەکان و گۆڕینی پیشەکەیان، وە پڕۆسەی دامەزراندن کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکە لەشارەکاندا بوون بە فەرمانبەر وپۆلیس و سەرباز لە دامودەزگاکانی حکومەتدا و ڕوتێکردنی گەنجان بەرەوە کەرتی خزمەتگوزاریی کە لەزیادبوونی بەردەوامدایە، هەروەها بڵاوبوونەوەی خوێندن بەتایبەتی زانکۆ بوو بە پاڵنەرێك بۆئەوەی فێربووان ئارەزووی ئەوەیان لا دروست بێت کە پیشە و پلەوپایەی بەرزتریان دەست دەکەوێت، بەشێوەیەك کە دووردەکەونەوە لەژیانی گوندنشینی . هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی باری ئابووری

دانیشتوان لەشارەکاندا بەهۆکارێکی تر دادەنرێت کە دانیشتوانی گوندەکان هان دەدات بۆ کۆچکردن بەرەو شارەکان و وێڕای بەکارهێنانی کەرەسە و ئامێری پێشکەوتوو لە چالاکی کشتوکاڵدا وایانکردووە ئەم چالاکییە ژمارەیەکی کەمتر هێزی کاری پێویست بێت . کەواتە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو هۆکارانە پاڵنەرێکی سەرەکی بوون بۆئەوەی زۆربەی هێزی کار لەبواری چالاکی کشتوکاڵیدا ئەو چالاکییە بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە ئەنجامدانی چالاکییەکی ئابووری تر .

[10] بڕوانە : أ- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج تعداد العام للسكان لسنة 1977 محافظة السليمانية، مصدرسابق، ص س.

ب- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج تعداد العام للسكان لسنة 1987 محافظة السليمانية، مصدرسابق، ص هـ

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1977، محافظة

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پارێزگای سلێمانی شوێنی دەرهێنانی کانزا نیە، بۆیە ئەوانەی کاردەکەن لەم بوارەدا ڕێژەیان کەم دەبێت .

خشتەی (3) دابەشبوونی ڕێژەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان لەماوەی (1977-2012)* دا

| چالاکییە ئابوورییەکان | 1977 | 1987 | 2012 |
|---|---|---|---|
| چالاکی (1) = کشتوکاڵ وڕاو و ڕاوەماسی ودارستانەکان | 43.6 | 13.2 | 15.1 |
| چالاکی (2) = کانزاکاری و دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی | 0.5 | 0.2 | 0.5 |
| چالاکی (3) = پیشەسازی گۆڕانکاری | 4.6 | 4.5 | 7.4 |
| چالاکی (4) = کارەبا و ئاو وگاز | 0.4 | 0.8 | 2.1 |
| چالاکی (5) = بونیادنان و نۆژەنکردنەوە | 11.7 | 10.1 | 13.6 |
| چالاکی (6) = بازرگانی تاك وكۆ و چێشتخانە و ئوتێلەکان | 5 | 7.2 | 12.1 |
| چالاکی (7) = گواستنەوەو گەیاندن و عەمبار کردن | 2.1 | 5.5 | 4.5 |
| چالاکی (8) = پارمەتی دارایی و دڵنیایی کردن (التمويل و التأمين) و زەوی زارو ئەوچالاکی خزمەتگوزاریانەی پێشکەش کەرتی کار دەکرێن. | 0.6 | 0.4 | 1.1 |
| چالاکی (9) = خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگاو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و تایبەتی . | 27.1 | 46.2 | 38.8 |
| نادیار | 2 | 2.6 | 0.8 |
| ئەوانەی بێکارن و کاریان دەست ناکەوێت | 2.4 | 9.3 | 4 |
| کۆ | 100 | 100 | 100 |

السليمانية، المصدر السابق، ص101-102.

2- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987 ، محافظة السليمانية، المصدر السابق، ص144-145.

3- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی هێزی کار بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان لە پارێزگای سلێمانی ، 2012، (داتای بڵاونەکراوە) .

* لەبەرنەبوونی داتا ساڵی (2002) مان وەرنەگرتووە و بەراوردمان بە هەرێم نەکردووە .

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بەخشتەی (3) .

2-چالاکی دووەم، کانزاکاری و دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی، ڕێژەی هێزی کار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ هەر سێ ساڵی (1977،1987،2012)، دەکاتە (0.5%، 0.2%، 0.5%) بۆ هەریەکەیان یەك بەدوای یەك، هۆکاری

3- چالاکی سێیەم، کە پیشەسازی گۆڕانکارییە ڕێژەی هێزی کار لەم چالاکییەدا بەرزبوونەوەی بەخۆوەبینیووە بەجۆرێك لەساڵی (2012) دا، بەپلەی پێنجەم هاتووە بەڕێژەی (7.4%)، لە چالاکییە ئابوورییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لەگەڵ ئەوەی بەپلەی چوارەم هاتووە لە ساڵی (1977) دا بەرێژەی (4.6%)، پاشان لە ساڵی (1987) دا پلەی حەوتەمی پێکهێناوە بەڕێژەی (4.5%)، هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی هێزی کار لەم چالاکییە لە ساڵی (2012) دا دەگەڕێتەوە بۆ باشبوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری هەبووە لەسەر بایەخدان بەلایەنی پیشەسازی و دروستکردنی چەندین دامەزراوەی پیشەسازی، هەروەها سەر لەنوێ بەگەڕخستنەوەی کارگە و پیشەسازییەکان .

4- چالاكی چوارەم، كە كارەباو گاز و ئاوە، كە ڕێژەی هێزی كار لەم چالاكییە لە ساڵی (2012) دا، بەرزبۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (1977)، كە پلەی نۆیەمی پێكهێناوە، بە ڕێژەی (0.4%)، پاشان لە ساڵی (1987) دا، پلەی حەوتەمی پێكهێناوە بەڕێژەی (0.8%)، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە لە ساڵی (2012) دا، بووە بەڕێژەی (2.1%)، ئەمەش هەمان پلەی ساڵی (1987)، هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهات و دەرماڵەیەی كە ئەم چالاكییە لە دامەزراوە حكومیەكاندا هەیەتی .

5- ڕێژەی هێزی كار لەم چالاكییە بریتییەلە (بونیادنان و نۆژەنكردنەوە)، ڕێژەكەیان بەرزبۆتەوە لە ساڵی (2012) دا، كە بەپلەی سێیەم هاتووە بەڕێژەی (13.6%) لەچالاكییە ئابوورییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوەدا . پاشان لە ساڵەكانی (1977) و(1987) دا لەهەمان پلەدابوون بەڕێژەكانی (11.7%) و (10.1%)، بۆ هەریەكەیان یەك بەدواییەك . هۆكاری بەرزبوونەوەی ئەم چالاكییەش لە هێزی كار لە ساڵی (2012) دا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە و زۆربوونی پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە و دابەشكردنی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا و خێزانی شەهیدان و كەم دەرامەتەكان، سەرەڕای پێدانی پێشینەی خانووبەرە و پەرەسەندنی بازاڕ بۆ ساغكردنەوەی ئەم چالاكییە .

6- چالاكی ژمارە (6)، كە بریتییە لە بازرگانی تاك و كۆ و چێشتخانە و ئوتێل، ڕێژەی هێزی كار بەرزبوونەوەی بەخۆوەبینیووە، بەجۆرێك لەساڵی (2012) دا گەیشتۆتە (12.1%)، كە بەپلەی چوارەم دێت لەچالاكییە ئابوورییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوەدا . پاشان لە ساڵەكانی (1977) و (1987) دا لەهەمان پلەدابوون بەڕێژەكانی (5%) و (7.2%)، بۆ هەریەكەیان یەك بەدواییەك . هۆكاری بەرزبوونەوەی ئەم چالاكییەش لە هێزی كار لە ساڵی (2012) دا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە، سەرباری ئەو داهاتە بەرزەی كەرتە هەیەتی، هەروەها كرانەوەی پارێزگای سلێمانی بەسەر كۆمپانیا و پرۆژە و بازرگانی جیهانیدا، ڕۆڵ بینینی هەرێمی كوردستان وەك بازاڕێكی بەرفراوانی كاڵا و سەرمایەگوزاری بیانی، وە پەیڕەوكردنی سیستەمی بازاڕی ئازاد و فراوانبوونەوەی كەرتە بازرگانیەكان وەك موڵكایەتی فكری، وێڕای ئەوەی وەبەرهێنان وایكردووە ناوچەی لێكۆڵینەوە ببێتە خاڵی ڕاكێشان بۆ چالاكی بازرگانی كە هێزی كار ڕۆڵی كاریگەری تیادا دەگێڕێت، بەتایبەتی سەرباری داهاتنی ئامێر و كەرەسەی ئەلكترۆنی بەڵام هێشتا بەشێكی زۆری كارەكان بەهێزی دەستی مرۆڤ بەڕێوەدەچێت ئەمەش وادەكات، كەبڵێین هەریەرەسەندێكی كاری بازرگانی دەبێتەهۆی پەرەسەندنی شارستانیەت وئاوەدانی وخۆشگوزەرانی و هێزی كار .

7- ڕێژەی هێزی كار لە چالاكی ژمارە (7) دا، بریتیە لە گواستنەوە و گەیاندن و عەماركردن لە ساڵی (2012) دا دەگاتە (4.5%)، ئەمەش بە پلەی شەشەم دێت لە چالاكییە ئابوورییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوەدا، پاشان هەر لەهەمان پلەدابووە لە ساڵەكانی (1977) و(1987) دا لەهەمان پلەدابوون بەڕێژەكانی (2.1%) و (5.5%)، بۆ هەریەكەیان یەك بەدوای یەك . ئەك كەرتە داهاتێكی بەرز فەراهەم دەكات بەتایبەت كە پارێزگای سلێمانی دەكەوێتە جومگە سەرەكیەكانی گواستنەوەی هەرێمی كوردستان وە چەندین هێڵی گواستنەوەی دەرەكی تیادایە كە گرێی دەدات بە پارێزگاكانی بەغداد و هەولێر و كەركوك .

8- چالاكی هەشتەم، كە بریتیە لە (یارمەتی دارایی و دڵنیایی كردن و زەوی و زار ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشكەش بە كەرتی كار دەكرێت)، لە ساڵی (2012) دا، ڕێژەكەی دەگاتە (1.1%)، ئەمەش بەپلەی حەوتەم دێت لە كۆی چالاكییە ئابوورییەكانی پارێزگای سلێمانی، پاشان بەپلەی شەشەم هاتووە لە ساڵی (1977) دا، بەڕێژەی (0.6%). بەڵام بەپلەی هەشتەم هاتووە لە ساڵی (1987) دا، بەڕێژەی (0.4%) لە كۆی چالاكییە ئابوورییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە، هۆكاری كەمی هێزی كار لەم چالاكییە ئابوورییەدا دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی ئەم چالاكییە پێویستی بە هێزی كاری زۆرنیە، چونكە پشت بە دووهۆكار دەبەستێت :

أ-كەسی یاسایی وەك پارێزەر دەتوانێت ئەو كارە ئەنجامدا و ڕێكی بخات وەك ڕێكخستنی گرێبەستی دڵنیایی وە دادبینی لەبەردەم دادگادا لە كەیسی قەرەبووی زیانەكان كە پێویستە كۆمپانیاكانی دڵنیایی بیگرنە ئەستۆ .

ب- لایەنی هونەری، کە ئەمەش پێویستی بە چەند کەسانێکی کەم هەیە کە لەلایەنی هونەرییەوە سەیری پرۆسەی دڵنیایی یەکە دەکەن وەك شارەزایانی بیرکاریی دڵنیایی ئەکتوارییەکان (Actuarials)، وە شایەنی باسە زانستی ئەکتوارییەکان لە بواری ئەو کارو گرێبەستانەدا کاری پێدەکرێت کە پشت دەبستن بە چانس (Probability) وەك کاری دڵنیایی و قومار[11].

9- چالاکی نۆیەم، خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگاو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و کەسایەتیەکان )، لە ساڵی (2012) دا، ڕێژەکەی دەگاتە (38.8%)، ئەمەش بەپلەی یەکەم دێت لە کۆی چالاکییە ئابوورییەکانی پارێزگای سلێمانی، پاشان بەپلەی دووەم هاتووە لە ساڵی (1977) دا، بەڕێژەی (27.1%) . بەڵام بەپلەی یەکەم هاتووە لە ساڵی (1987) دا، بەڕێژەی (46.2%) لە کۆی چالاکییە ئابوورییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هۆکاری زۆری هێزی کار لەم چالاکییە ئابوورییەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دامودەزگا حکومییەکان و کۆمپانیاکانیان بەگشتی (کەرتی تایبەت و گشتی و تێکەڵاو)، کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کار لەم دامودەزگا و کۆمپانیانەدا دامەزراون کاردەکەن بە بەراوورد لەگەڵ چالاکییەکانی تر .

ب- دابەشبوونی ئابووری سیانی هێزی کار :

بۆ پۆلێنکردنی چالاکییە ئابوورییەکان ڕێگایەکی تر هەیە کە کار لەسەر کۆکردنەوەی هەر (9) جۆری چالاکی ناوبراو دەکات کە پێشتر باسمان کردووە، وە پۆلێنکردنیان لە (3) کۆمەڵەدا بۆ ئاسانکردن لە دابەشبوونی جوگرافی و بەراوردکردن لەنێوان چالاکییە ئابوورییەکاندا، ئەمەش لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەکارهێنراوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

1-کۆمەڵەی یەکەم : بریتیە لە (کشتوکاڵ وڕاو و ڕاوەماسی و دارستانەکان)، وە دەتوانین ناوی لێبنێین کۆمەڵەی (کەرتی کشتوکاڵ)، کە چالاکی (1) لەخۆدەگرێت .

2- کۆمەڵەی دووەم : بریتیە لە (پیشەسازی و کانزاکاریی و دەرهێنان و کارەبا و ئاو و گاز و بنیادنان و نۆژەنکردنەو)، وە دەتوانین ناوی لێبنێن کۆمەڵەی (کەرتی پیشەسازی)، کە چالاکیەکانی (2، 3، 4، 5) لەخۆدەگرێت .

3– کۆمەڵەی سێیەم : بریتیە لە (بازرگانی تاك و کۆ و چێشتخانە و ئوتێلەکان، گواستنەوە و گەنجینەکان و هاتوچۆ، بانکەکان و موڵکداریی و خزمەتگوزاریی بازرگانی و دڵنیایی، خزمەتگوزاریی گشتی و کۆمەڵایەتی و تایبەتی)، وە دەتوانین ناوی لێبنێن کۆمەڵەی (کەرتی خزمەتگوزاریی)، کە چالاکیەکانی (6،7،8،9) لەخۆدەگرێت .

ئەم ڕێگەیە بەوە دەناسرێت کە ڕێگە دەدات بەراوردێکی خێرا لەنێوان هەرسێ چالاکییە سەرەکیەکەدا بکەین، چونکە کۆمەڵەی یەکەم هەموو ئەو چالاکیانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەنیدارە بە وەبەرهێنانی دەرامەتی سروشتیە، بەڵام کۆمەڵەی دووەم هەموو ئەو چالاکیانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەنیدارە بە گۆڕینی دەرامەتە سروشتیەکان، هەروەها کۆمەڵەی سێیەم هەموو ئەو چالاکیانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی بە بەرهەمی کەل و پەلی مادییەوە نیە . گرنگی ڕێژەی ئەم سێ کۆمەڵەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە پۆلێنێکن بۆ قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئابووری لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا[12].

پارێزگاکەش لە ساڵی (1977) دا نزیکەی لە (44%)ی کۆی دانیشتوانی کە لە ڕووی ئابوورییەوە چالاك بوون لە کشتوکاڵا دا کاریان کردووە. بەڵام بەهۆی پشتگوێ خستنی گوندەکانی ناوچەکە هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە گەڵ حکومەتی عێراق پاڵی بە زۆر لە گوندنشینەکانەوە نا کە ئەم چالاکییە بەجێ بهێڵن و ڕوو لە شارەکان بکەن و لە چالاکییەکی تردا کار بکەن، بەڵام لە ساڵی (1987) دا ئەم ڕێژەیە نزمبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە،

---

[11] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

A- Michael Sherris: Principles of Actuarial science, Sydney, Australia, 2001,p.1-4

B- Mario v. Wuthrich et.al (ed.), Financial Modeling, Actuarial Valuation and Solvency in Insurance, Springer- Verlage Berlin, Germany, 2013, p.155.

[12] جاكلين غارينة، جغرافية السكان، ترجمة: د.حسن خياط واخرون، مطبعة العاني، بغداد، 1974، ص374.

بەجۆرێك كە زیاتر (13%) ی كۆی دانیشتوانی ناوچەكە كە لە ڕووی ئابوورییەوە چالاك بوون تیێدا كاریان كردووە، سەیری خشتەی (4) و شێوەی (4) بكە.

**خشتەی (4) ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوە لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی(1977 - 2012) دا/ (%)**

| ساڵ | كشتوكاڵ * | پیشەسازی ** | خزمەتگوزاری | نادیار | بێكار كەپێشتر | كۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1977 | 43.6 | 17.2 | 34.8 | 2 | 2.4 | 100 |
| 1987 | 13.2 | 15.6 | 59.3 | 2.6 | 9.3 | 100 |
| 2012 | 15.1 | 23.6 | 56.5 | 0.8 | 4 | 100 |


سەرچاوە : كاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1- وزارة التخطیط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1977، محافظة السلیمانیة، المصدرالسابق، ص101 - 102.

2- وزارة التخطیط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987، محافظة السلیمانیة، المصدرالسابق، ص144-145 .

3-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە لە پارێزگای سلێمانی، 2012، بەبێ ژمارەی لاپەڕە، داتای بڵاونەكراوە .

**شێوەی (4) گەشەكردنی ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوە لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (1977 - 2012) دا/ (%)**




**سەرچاوە: كاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی (4).**

نزمبوونەوەی ڕێژەی كرێكارانی ئەم چالاكییە لەم ساڵە دا پەیوەندی بە پرۆسەی كۆچپێكردن و وێرانكردنی گوندو دێهاتەكان و ڕاگواستنی زۆرەملێوە بووە كە بووەتە مایەی دوور خستنەوەی جوتیاران لەم چالاكییە و كاركردنیان بە ناچاری لە چالاكییەكانی تر دا، كەچی لە ساڵی (2012) دا جارێكی تر ئەم ڕێژەیە بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە زیاتر (15%)، ئەم ڕێژەیەش نزمە ئەگەر بەراوردی بكەین بە سرووشتی كشتوكاڵی ناوچەكە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا تواناكانی ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان و دابین كردنی خزمەتگووزارییەكان بۆیان كەمە و هەروەها بە هۆی وشكەساڵی و ئەو پشكە خۆراكەی كە دەدرێت بەهەر خێزانێك لەڕێگای پسوڵەی خوراكەوە لە دوای

* چالاكی یەكەم بریتیە لە( كشتوكاڵ و دارستان و راوشكار) .

** چالاكی دووەم بریتیە لە (پیشەسازی و كانزاكاریی و دەرهێنان و كارەبا و ئاوو گازو بنیادنان و نۆژەنكردنەوە) .

*** چالاكی سێیەم بریتیە لە (بازرگانی تاك و كۆ و چێشتخانە و ئوتێلەكان، گواستنەوە و گەنجینەكان و هاتوچۆ، بانكەكان و موڵكداریی و خزمەتگوزاریی بازرگانی و دڵنیایی، خزمەتگوزاریی گشتی و كۆمەڵایەتی و تایبەتی) .

جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك، وایکردووە نرخی کەلو پەلە خوراکییەکان دابەزێت و جووتیارانیش ئەم چالاکییە بەجێ بهێڵن و ڕوو لەچالاکییەکانی تر بکەن، بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و فێربوون وە دروستبوونی ئومێد لەلای گەنجان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە دەرەوەی کەرتی کشتوکاڵی لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتنی ئابووری هەمیشە دەبێتەهۆی گۆڕانکاریی لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا .

ڕێژەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (2012) دا لە کەرتی یەکەمدا (15.1%) بووە، بەڵام لە کەرتی دووەمدا (23.6%) بووە، پاشان لە کەرتی سێیەمدا (56.5%) بووە .

دەرئەنجام

1-سەبارەت بە قەبارەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانیدا دەردەکەوێت بەرزبوونەوەی تۆمارکردووە لە (30.4%) لە ساڵی (1977) دا بۆ (39.7%) لە ساڵی (2012) دا، بەڵام هێشتا بەشداری مێینە لە هێزی کاردا هەر بەنزمی ماوەتەوە گەیشتۆتە (25.5%) مێینە لە ساڵی (2012) بەرامبەر (74.5%) نێرینە بۆ هەمان ساڵی ناوبراو .

2- لە لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی هێزی کار بەپێی بەشەکانی چالاکی ئابووری لە ساڵی (2012) دا، بۆمان دەردەکەوێت چالاکی خزمەتگوزاریی لەپلەی یەکەمدا هاتووە لەبوارەکانی کاردا لە پارێزگای سلێمانیدا، هەربۆیە دەکرێت وەسفی ناوچەکە بەوەبکرێت کە ناوچەیەکی خزمەتگوزارییە چونکە نزیکەی (39%) ی کارکەرانی چالاکییە ئابوورییەکانی تیادایە .

پێشنیار

1-پێویستە دامودەزگاکانی حکومەت هەلو پرۆژەی هێزی کار ڕەگەزی مێینە برەخسێنێت هەتاوەکو تاڕادەیەك هاوسەنگی دروست ببێت لە بەشداری مێینە لە هێزی کاردا بە بەراوورد ڕەگەزی نێرینە .

2- هەرچەندە لە دابەشبوونی هێزی کار لەبوارەکانی کاردا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا،چالاکی خزمەتگوزاریی لەپلەی یەکەمدا هاتووە، بەڵام پێویستە گرنگی بە کەرتی بەرهەمێنانی کاڵاو شتومەك بدرێت چونکە هێزێکی ئابووری زیاتر دەبەخشێت بە ناوچەکە .

سەرچاوەکان


یەکەم : سەرچاوە کوردییەکان:

أ-نامەی ماستەر:

1- صالح ،چراخان نصرالدين ، دانيشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015 .

ب-چاپەمەنی ونووسراوە حکومییەکان :

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی ناوخۆ ،پارێزگای سلێمانی ، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بەشی رووپێووی ،2012.

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریی.GIS

3- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی، 2012، (داتای بڵاونەکراوە) .

4- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دابەشبوونی دانیشتوانی دانیشتوانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە لە پارێزگای سلێمانی، 2012، بەبێ ژمارەی لاپەڕە، (داتای بڵاونەکراوە) .

5- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی هێزی کار بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان لە پارێزگای سلێمانی ، 2012، (داتای بڵاونەکراوە) .

دووەم : سەرچاوە عەرەبییەکان :

أ-کتێب :

1- أبوعيانة، فتحي محمد، جغرافية السكان و أسس و تطبيقات، الطبعة الرابعة، دار المعرفة ألجامعية، الأسكندرية، 1993.

2- السعدي، عباس فاضل ، محافظة بغداد (دراسة في جغرافية السكان)، الطبعة الاولى، مطبعة الازهر، بغداد، 1976.

3- شواورة، سالم علي ، الحبيس، محمد عبداللة ، جغرافيا السكان (المدخل الى علم السكان) ، الطبعة

الاولى، دارالصفاء للنشر و التوزيع، عمان- الأردن،2001.

4- العيسوي، فايز محمد، اسس جغرافية السكان، الطبعة الثانية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، 2009.

5- نجم الدين، احمد، جغرافية سكان العراق ، مطبعة جامعة بغداد ، بغداد، 1982.

ب/ گۆڤارو ڕۆژنامەكان :

1- حمادي، عباس حمادي، محسن، ايمان عبداللة، التحليل المكاني لمعدلات النشاط الأقتصادي لسكان محافظة ذي قار للمدة (1997-2010)، مجلة القادسية للعلوم الأنسانية، المجلد السادس عشر، العدد (1)، جامعة القادسية،2013.

ج/ تێزەكان:

1- حسين ، بيان على، سكان مدينة السليمانية ،دراسة جغرافية ،رسالة ماجستير (غير منشورة) ،كلية الأداب ،جامعة بغداد ،2001 .

2- السعدي، أحمد حمود محسين، التحليل المكاني لتباين تركيب السكان في محافظة القادسية للمدة من (1987 - 1997)، أطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كلية الأداب، جامعة بغداد، بغداد، 2005 .

د- چاپەمەنی و نوسراوە حكومییەكان :

1- وزارة التخطيط، الجهاز الإحصاء المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1977، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد،1977.

2- وزارة التخطيط، الجهاز الإحصاء المركزي للإحصاء،نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987 ،محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء،بغداد، ،1988.

سێیەم / سەرچاوە ئینگلیزییەكان :

1- Mario v. Wuthrich et.al (ed.), Financial Modeling, Actuarial Valuation and Solvency in Insurance, Springer- Verlage Berlin, Germany, 2013.

2- Michael Sherris: Principles of Actuarial science, Sydney, Australia, 2001.

**نەخشەی (1) یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (2012) دا**




سەرچاوە : ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە :

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی ناوخۆ ،پارێزگای سلێمانی ، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بەشی ڕووپێووی، 2012 .

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریی GIS.